راپۆرت

# ئەفسانەی ئابوریی تورکیا

فەیسەڵ عەلی

بەشێک لە هاولاتیانی هەرێمی کوردستان و هەندێک میدیای هەرێمی کوردستان تارادەیەکی زۆر موعجبی ئابوریی تورکیان، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەساڵی ٢٠٠٢وە حزبی دادو گەشەپێدان دەسەلاتی ئەو ولاتەی گرتۆتە دەست. بێگومان چەند ئەندیکەیتەرێک جەختی لەسەر باشبوونی ئەدائی ئابوریی تورکیا و بەرزبونی تێکڕای گەشەی ئابوریی ئەو ولاتە کردۆتەوە. قەبارەی ئابوری لەوکاتەوە بەپشت بەستن بە بەرزبوونی تێکڕای بەکاربردن و هەڵکشانی کاروباری بیناسازی گەشەی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، کە بەهۆیانەوە چەندین بازاڕی گەورەو بینای بەرز لەشارە سەرەکییەکانی تورکیا بونیات نران، وێڕای فراوانکردنی کارەکانی بونیاتی ئیرتکازی. هەروەها تورکیا توانی خۆی لەو ئاسەوارە قورسانەی کە روبەڕوی دەوڵەتانی تری ناوچەکەو جیهان بونەوە، بەتایبەتی لەمیانی سالانی قەیرانی دارایی و ئابوری کە لەساڵی ٢٠٠٨ دەستی پێکرد، خۆی بپارێزێت، ئابوریی تورکیا تێکڕای

گەشـەی ئـابوری لەمـاوەی دوای قەیـرانەکە ڕێژەیەکـی گونجـاوی تۆمارکرد.

تورکیـا یەک لەدەوڵەتە سـەرەکییەکانی گروپـی بیسـتی خـاوەن ئـابوری گەورەیـە، ریزبەنـدی ١٧یەمـین دەوڵەتـی ئەو گـروپەی گرتـووە. کـۆی بەرهەمـی نـاوخۆیی بە (١.٥) ترلیـۆن دۆلار دەخەملێنرێـت، ژمـارەی دانیشـتوانەکەی ٨٢ ملیـۆن کەس دەبێـت، تێکڕای داهاتی ساڵانەی تاک دەگاتە نزیکەی ١٩ هەزار دۆلار، کەرتە ئابورییەکـان بەشـێوەیەکی هەمەڕەنگ بەشـداری لە پێکهـاتنی کـۆی بەرهەمی ناوخۆیی تورکیادا دەکەن، پیشەسازیی تەحویلی بە ڕێژەی ٢٧% بەشـداری لەو پێکهـاتەیەدا دەکـات، کشـتوکاڵ بە ڕێـژەی ٩%، لەسـالی ٢٠١٣ تیکڕای گەشـەی ئـابوریی تورکیـا نـزیکە ٤% بـوو، ئامارەکـان ئامـاژە بـۆ ئەوە دەکەن کە نێـوەنجی گەشـەی ئـابوری لەنێوان ساڵانی ٢٠٠٢ بۆ ٢٠١١ ٥.٢% بووە.

بەڵام هێشـتا کۆمەڵێک راسـتی تـر هەن لەسـەر ئـابوریی تورکیـا دەبـێ بگـوترێن، نـزیکەی ١٧% دانیشـتوانی تورکیـا لەژێـر هێڵـی هەژارییەوەن، تیکڕای بێکـاری ٩.٨% کۆی هێزیکار لەساڵی ٢٠١٣ پێکـدێنێت، ئەو ڕێـژەیەش نـزیکە لە تێکـڕای بێکـاریی دەوڵەتـانی یەکێتیی ئەورپا. لە ئەندیکەیتەری ئاسانی کاردا، تورکیا ریزبەندی ٦٩ی گرتـوە، تورکیـا بەدەسـت کورتهێنـانی تەرازوی بازرگـانییەوە دەناڵێنێـت، لەسـاڵی ٢٠١٣ بـایی ١٦٨ ملیـار دۆلار کـاڵاو کەلـوپەلی هەنارده کردوە، لەکاتێکدا بایی ٢٤٣ ملیار دۆلاری هـاورده کردەوە، واتە کورتهێنـانەکەی بـایی ٧٥ ملیـار دۆلارە. لەکاتێکـدا تورکیـا جلوبەرگ و راخەرو خۆراک و بەرهەمـی کانزایی هەنـاردە دەکات، ئامێر و کاڵای پیشەسازی و کەرەستەی کیمیاوی و کەلوپەلی نیمچە دروستکراو و سوتەمەنی و ئامرازەکانی گواستنەوە هاوردە دەکات.

لەگەڵ ئەوەی تورکیا هەنگاوێکی گەورەی لە پرۆسەی نوێکردنی ئابوری و پیشەسازیی تەحویلیدا بڕیوە، بەڵام هێشتا زۆر دوورە لەو ئاستە پێشکەوتوانەی کە پیشەسازیی و خزمەتگوزاری لە دەوڵەتانی ئەوروپا، یان ژاپۆن یان ئەمریکا یان کۆریای باشور پێی گەیشتوە، واتە ئابوریی تورکیا پێویستی زیاتری بە پەرەپێدان و نوێبونەوەی میکانیزم و سستەمە ئیدارییەکەی هەیە بۆ ئەوەی ئابورییەکەی بگەیەنێتە ئاستی ئابوریی دەوڵەتانی تری گروپی بیست.

ئابوریناسان لە هەڵتۆقینەوەکانی فراوانبونی ئابوریی تورکیا هۆشداریی بە حکومەت دەدەن، کە وەبەرهێنەرانی بیانی بۆ ناو ئابوریی تورکیا رادەکێشن تاوەکو وەک ئابوریی دەوڵەتە دەرکەوتوەکانی تر سەرمایەگوزاری بکەن، بەشێک لەو سەرمایەگوزارانەی لە ئابوریی تورکیا سەرمایەکەیان خستەگەڕ، سودیان لە دابەزینی نرخی سودی ئابوریی ئەمریکا بینی، دوای ئەوەی ئەنجومەنی یەدەگی ئەمریکا بۆ پشتیوانی ئابوریی ئەمریکا نرخی سودی دابەزاند، توانیان قەرز بکەن، لەتورکیا وەبەرهێنان لە پرۆژەکان بونیادی ئیرتکازی و پرۆژەکانی نیشتەجێبوندا بکەن، ئەمە ئەوەیە کە لەماوەی پێنج سالی رابردوودا روویداوە.

سیاسەتە ئابورییەکانی حزبی دادو گەشەپێدان، نرخی سودەکانی لە تورکیا بۆ نزیک لە سفر دابەزاند، تاوەکو رێگری لە مامەلەی ریبا بکەن، بەوەش قەرزەکانی کەرتی تایبەت زۆر گەورە بوون و ئاستی پێوانەیی تۆمار کرد، بەجۆرێک لەماوەی چەند ساڵێکی کەمدا چوار هێندە زیادیکرد، لەکاتێکدا کۆی بەرهەمی ناوخۆیی تەنیا سێ یەکی بەها راستەقینەکەی خۆی زیادی کرد. بەم جۆرە قەرزی دەرەکی تورکیا بۆ ٣٧٣ ملیار دۆلار بەرزبوەوە، ٩٠% ئەو قەرزە هی

دامەزراوە ئابورییەکانە. بێگومان ئەوە دەبێتە هۆکاری دابەزینی نرخی گۆڕینەوەی لیرەی تورکی، کە لەسالی ٢٠١٣ بە ڕێژەی ١٨% داشکا، ئەوەش دڵەڕاوکەیەکی گەورەی دروست کردوە، کە لەماوەی دەیەی رابردوودا، قەرزی بەکاربەرانی بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش بەرزکردۆتەوە.

ئابوریی تورکیا بە ڕێژەیەکی بەرز پشت بە بەکاربردنی ناوخۆیی دەبەستێت، بەجۆرێک کە بەکاربردن بە ڕێژەی ٧٠% بەشداری لە پێکهاتنی کۆی بەرهەمی ناوخۆییدا دەکات. ئامارەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە قەرزە کەسییەکان بە ڕێژەیەکی دڵەڕاوکێ گەشەی کردووە، کە لەنێوان سالآن ٢٠٠٥ بۆ ٢٠٠٨، ٦١% تۆمار کردوە، پاشان هەندێک پاشەکشێی بەخۆیەوە بینیوە، لەسالی ٢٠١٣ گەشەی سالآنەی قەرزی خێزانی ٢٨% ی تۆمار کردووە.

ئەو ڕاستییانە، دەبێ ببنە جێی بایەخی بەرپرسانی ئیدارەی ئابوریی تورکیاو هانیان بدات کە بە سیاسەتە نەختی و داراییەکانیاندا بچنەوە کە ئەگەری دارمانی ئابوری لێدەکرێت و ڕەوشەکە ئالۆزتر دەکات، ئەوکات چارەسەرییەکانیش قورسترو ئالۆزتر دەبن.